Dengekan

# بڕیاری لەسێدارەدانی عەدنان حەسەنپوور و هیوا بووتیمار نامرۆڤانەیە

دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدانی رۆژنامەنووسێك و چالاكوانێكی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی كوردستان بووە هۆی بێزاری و ناڕەزایەتی دەربڕینی كۆمەڵگەی كوردستان بەگشتی و ناوەندە رۆشنبیرییەكان بەتایبەتی.

عەدنان حەسەنپوور رۆژنامەنووس و ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی راگیراوی ئاسۆ لە سنە لەگەڵ چالاكوانێكی بواری مافی مرۆڤ بەناوی هیوا بووتیمار خەڵكی شاری مەریوان چەند مانگێكە لەلایەن دەزگا ئەمنییەتیەكانی ئێرانەوە دەستگیر كراون و لە حەڤدەی ئەم مانگەش لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە سنە بە بێ ئەوەی پارێزەر و بنەماڵەكانیان ئامادە بن، حوكمی لەسێدارەدان بە سەریاندا سەپێندرا. ئەو بڕیارەی دادگاش لەگەڵ ناڕەزاییەكی توندی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی ناوخۆ و دەرەوە و دامەزراوە و رێكخراوەكانی پارێزەری مافی مرۆڤ بەرەوڕوو بوو و كەمپینیكیش بۆ ئەو مەبەستە رێكخراوە تا دەنگی ناڕەزایەتی جەماوەری لەسەر ئەو بڕیارە بگەیەنێتە ناوەندە جیهانییەكان.

ئێمەش وەك دەستەیەك لە رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی رۆژهەڵاتی كوردستان وێڕای ئیدانەكردنی بڕیاری دادگای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە سنە دەرحەق بە لەسێدارەدانی عەدنان حەسەنپوور و هیوا بووتیمار، دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەو كەس و لایەنە سیاسی و رۆشنبیری و هونەری و كۆمەڵایەتییانە كە لە دژی ئەو بڕیارە وەستاون، و لە سەرجەم كۆڕ و كۆمەڵە نێودەوڵەتییەكان و رێكخراوە بەشەردۆستەكان و چاودێرانی مافی مرۆڤ دەخوازین فشار لە سەر حكومەت و دەزگای دادوەریی ئێران زیاتر بكەن بۆ پاشگەزبوونەوەی ئێران لە بڕیارەكەی و ئازادكردنیان.

***دەستەیەك لە***

***رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی رۆژهەڵاتی كوردستان _ هەولێر***